# جەنگی یەکەمی جیهانی



1- تێوەگلانی عوسمانی لە جەنگ

2- پلانی جەنگ و ڕووداوەکانی

3- پرۆژەکانی دابەشکردنی دەوڵەت



# تێوەگلانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگ

- نزیککەوتنەوەی سەرانی ئیتیحادی لە ئەڵمانیا و ڕێکەوتنی نهێنی لەگەڵیاندا لە (2ی ئابی 1914).
- ڕاگەیاندنی (نەفیر عام) واتە ڕاکێشانی تەواوەتی سەربازان لە (3ی ئابی 1914).
- هاندانەکانی ئەڵمانیا بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ: بەڵێنی هاوکاریی دارایی، پێدانی دوو کەشتیی سەربازی (گیبۆن و بریسلاو)، باری سوپای ئەڵمانی و سەرکەوتنەکانی لە سەرەتادا.
- ئاوڕنەدانەوەی هاوپەیمانان لە داواکارییەکانی عوسمانی: گێڕانەوەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، جیاووگەکان.
- هەنگاوەکانی ئیتیحادییەکان بۆ ئیستیفزازکردنی هاوپەیمانان: زیادکردنی باجە گومرگییەکان، داخستنی گەرووەکان.
- هەنگاوی گەورەی تێوەگلانی دەوڵەت بریتیبوو لە لێدانی بەندەرە رووسییەکانی دەریای ڕەش: (ئۆدیسا و سیباستبۆل) لە (29ی تشرینی یەکەمی 1914).
- ڕووسیا لە (4ی تشرینی دووەمی 1914) جەنگی دژی عوسمانی ڕاگەیاند و ڕۆژی دواتریش هاوپەیمانەکانی هەمان هەڵوێستیان وەرگرت.
- دەوڵەت بۆ ڕاکێشانی سۆزی دانیشتوان بۆ جەنگ لە (11ی تشرینی دووەمی 1914) لە ڕێگەی سوڵتانەوە (جیهادی گەورە)ی ڕاگەیاند. (سفر بلك).

# پلانی جەنگ و ڕووداوەکانی

- پلانی سەرەکیی ڕابەرانی ئیتیحادی بریتیبوو لە گرنگیدان بە بەرەکانی ڕۆژهەڵات (ڕووسیا) و باشوور (بریتانیا). بریتانیا هەرزوو لە ناوچەکانی میسر و قوبرس سیستەمی پارێزگاری ڕاگەیاند.
- شکستەکانی دەوڵەت لە بەرەکانی ڕۆژهەڵات: (داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) و باشوور: (سەرنەکەوتنی پلانەکان بۆ گێڕانەوەی کەناڵی سوێس، لەدەستدانی بەسرا و زامنبوونی ڕێگا بازرگانییەکانی بریتانیا).
- هەڵوێستی دانیشتوان لە جەنگ، تێڕوانینە سیاسییەکان: (یەکێتیی ئیسلامی، یەکێتیی عوسمانی، تۆرانیەت).
- سەپاندنی سیاسەتەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە، بە تایبەت لەگەڵ (ئەرمەن و عەرەب).

# پلانی جەنگ و ڕووداوەکانی

- گرنگترین ڕووداوەکانی جەنگ بریتیبوو لە: هەڵمەتی دەردەنێڵ (گالیبۆلی) (25ی نیسانی 1915)، گەمارۆی کووت (1915)، گرتنی بەغدا (11ی ئاداری 1917)، کشانەوەی ڕووسیا لە جەنگ (تشرینی دووەمی1917).
- مردنی سوڵتانی پێشوو و سوڵتانی سەرتەخت لە (1918) و هاتنە سەرتەختی سوڵتانی نوێ (محەمەدی شەشەم ) وەحیدەدین) (1918–1922).
- ڕاکردنی سەرکردەکانی ئیتیحادی بۆ دەرەوەی وڵات و دەست لە کار کێشانەوەی حکومەتی ئیتیحادییەکان لە (13ی تشرینی یەکەمی 1918) و پێکهێنانی حکومەتی نوێ (ئیتیلافییەکان) لە لایەن (عیزەت پاشا).
- ئاگربەسی (مۆدرۆس = لیمۆنوس) لە (30ی تشرینی یەکەمی 1918) و بڕگەکانی.



# پرۆژەکانی دابەشکردنی دەوڵەت

– هاوپەیمانان بۆ ئەوەی لە دوای کۆتایهاتنی جەنگ، لەسەر دەستکەوتەکان ناکۆکی و ململانێ نەکەوێتە نێوانیانەوە، چەند ڕێکەوتنێکیان مۆرکردووە، لەوانە:

- ڕێکەوتنی ئەستەمبۆڵ (18ی ئاداری 1915) (بریتانیا، فەڕەنسا، رووسیا).
- پەیماننامەی لەندەن (26ی نیسانی 1915) (بریتانیا، فەڕەنسا، رووسیا، ئیتاڵیا).
- ریکەوتننامەی سایکس – پیکۆ – سازانۆڤ (16ی مارتی 1916) (بریتانیا، فەڕەنسا، رووسیا).
- ڕێکەوتنی سان جان دی مۆریین (17ی نیسانی 1917) (بریتانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا).
- بە گوێرەی دەقی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامانە دەوڵەتی عوسمانی بەسەر (بریتانیا، فەڕەنسا، رووسیا، ئیتاڵیا) دابەشکرا بوو.

# سوڵتان محەمەدی شەشەم



# بەڕێکردنی تەرمی سوڵتان ڕەشاد



# ڕاگەیاندنی جیهادی پیرۆز



بابەتی داهاتوو

## ئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەسەر تورکیا